کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
20-6-2007 20:09بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئافرەت و پەپولە و گوڵ ... کارزان گلی



ئەگەر تەمەنی پەپولە، یەك وەرز بێت کە پاییزە، بە درێژایی ئەو وەرزە تەنها جوانی دەناسێت، بۆ جارێکیش نازانێت زیان بە هیچ کەس بگەیەنێت، تەنها لەسەر گوڵ دەنیشێتەوە و ئارام دەگرێت. پەپولە تەنها گوڵ دەناسێت، لەگەڵ وەرینی گوڵەکانیش تەمەنی ئەو دەوەرێت و بۆ ساڵێکی تر لەگەڵ گوڵدا دەژێتەوە. ئافرەتیش هەمان سیفەتی پەپولەی هەیە، من هەمیشە ئافرەت و پەپولە و گوڵ بەیەك چاو سەیر دەکەم، چونکە ئافرەت و پەپولە و گوڵ وەکو یەك جوانی دەناسن و وەکو یەکیش بێدەسەڵاتن بەرامبەر بەد جوانەکان، بەرامبەر ئەوانەی نابینان بەرامبەر جوانییەکانی ژیان. پەپولە بە درێژایی یەك وەرز، تەنها بەسەر گوڵدا دەنیشێت، ئافرەتیش بەدرێژایی ژیان تەنها جوانیمان فێر دەکات و هەمیشە وەکو گوڵ دێنە بەر چاو، ئەی ئەوە نییە کاتێك دەمانەوێت دڵی ئافرەتێك بۆ لای خۆمان ڕابکێشین تەنها گوڵیان پێشکەش دەکەین و دەزانین ئافرەت وەکو گوڵ بێگەردە. ئەی ئەوە نییە شاعیرە ڕۆمانسییەکانمان هەمیشە ئافرەت و گوڵ دەخەنە ناو دێرە شیعرەکانیانەوە، گوڵ بەتەنها هیچ واتایەك نادات، ئەگەر ئافرەت تەواوکەری جوانییەکەی نەکات. خۆشترین بۆن، بۆنی ئافرەت و بۆنی گوڵە، خۆشترین شوێن، کە بتەوێت تیای ئارام بیت بۆ کەمێکیش بێت بسرەوێت، باخچەیەکی پڕ لە گوڵ و مەجلیسێکی پڕ ئافرەتە، تۆ بڕۆ گوزەرێك بەناو نیشتیمانەکانی تری ئەم سەر زەمینە بکە، بزانە ئافرەت و گوڵ چەند بەچاوێکی پیرۆزەوە سەیر دەکرێن، لێ بەداخەوە لە وڵاتی ئێمە ئەوەی ڕێزی لێ نەگیرێت گوڵ و ئافرەتە، بۆیە کە گوڵ و ئافرەت ڕێزیان لێ نەگیرا پەپولەش بەبێ گوڵ و ئافرەت پایز جێدەهێڵێت، چونکە نیشتیمانی پەپولە گوڵە، گولیش بەبێ بوونی ئافرەت نە دەدروشێتەوە و نەبۆنیشی بڵاودەکاتەوە، ئێمەش کە گوڵەکانی باخچەکانمان هەڵوەراندند و پەڕەکانیمان لەت و پەت کرد، ئیتر نیشتیمانێك نامێنێتەوە پەپولە تیای بسرەوێت، بۆیە ئەم وڵاتەی ئێمە جێی هەموو شتێکی تیا دەبێتەوە تەنها سێ شت نەبێت (ئافرەت، پەپولە، گوڵ) ، هەموو نیشتیمانێکیش بەبێ ئەم سێ شتەی کە باسمان کرد، نیشتیمانێکی توند و کۆمەڵگایەکی هەمیشە حەز بە شەڕ و کوشتن و نێرسالاری تێدا دروست دەبێت. ئەوەتا لە وڵاتی خۆمان ئەوەی ناوی ڕێز بێت لە ئافرەت ناگیرێت، هەر ماڵەوە مەبەستم خێزانە بگرە تا گەورەترین دەزگای حکومی، ئافرەت بە پلەیەك لە خوار پیاو تەماشا دەکرێت. کێ هەیە لە ئێمە بەدەستی خۆی گوڵێکی لەم وڵاتە چاندبێت تەنها قرتاندنی نەبێت؟ کێ هەیە لە ئێمە بە زمانی گوڵ لەگەڵ ئافرەتدا بپەیڤێت؟ مەبەستم لە چیرۆك و شیعرەکانمان نییە، بەڵکو مەبەستم لە جەوهەردا لە واقیعدا ئافرەت وەکو گوڵ تەماشا بکەین، نەك بە درۆی سەر ڕۆژنامەکان و شیعرەکان. منداڵ ئەو کاتەی دەزانێت یاری بکات و بپەیڤێت، دەبێتە جێی خۆشەویستی دایك و باوك، بەڵام منداڵ لەکاتی ئەنجامدانی هەر هەڵەیەکدا زیاتر بە باوکی دەیترسێنن وەك لەوەی لە دایکی، چونکە دایك هیچ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
20-6-2007 20:09بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

کاتێك جێی ترس نەبووە، بەڵکو هەمیشە باوەشی جێی سۆز و عاتیفەیە، مەبەستم ئێمە هەر لە منداڵییەوە هەست دەکەین ئافرەت چەند پیرۆزە و چۆن هەمیشە باوەشی بۆ خۆشەویستی دەور و بەر کردۆتەوە. نزار قبانی ئەو شاعیرەی بە (شاعیری ئافرەت) ناوی دەرکرد بوو و شیعرەکانی زۆربەی بەسەر و باڵی ئافرەتاندا هەڵدەدا، لە شیعرێکیدا دەڵێت:

(لان كلام القواميس مات
لان كلام المكاتب مات
لان كلام الرويات مات
اريد اكتشاف طريقه عشق
احبك فيها بلا كلمات)

ئەو شیعرەی قەبانی ڕێك لە ئێستای ئێمە دەچێت، ئێمەش وشەی ناو کتێبخانەکانمان هەمووی مردوون، وشەی ناو قاموسەکانمان هەمووی مردوون، وشەی ناو چیرۆکەکانمان هەمووی مردون، وشەی ناو ڕۆژنامەکانمان هەموو مردون، وشەی ناو شیعرەکانمان هەموو مردوون، وشەی سەرزارمان هەموو درۆیە بەرامبەر بە ئافرەتەکانمان، بۆیە دەبێت ڕێگەیەك بدۆزینەوە بۆ خۆشەویستی ئافرەت، دوور بێت لەو وشانەی وەکو شیعر وەکو چیرۆك وەکو گۆرانی بەدرۆ بە ئافرەتی دەڵێین، دوور لەو درۆیانەی بە بەردەوام بۆیان دەکەین، دەبێت ڕێگەیەك بدۆزینەوە، ئافرەت لە کوشتن ڕزگار بکەین، ئافرەت لەو زیندانییەی ماڵەوە ڕزگار بکەین، وا بکەین دووبارە ژیانێکی بێ ترس و دوور لە کوشتن بۆ ئافرەتان دروست بکەین، وا بکەین شۆڕشێك بەرپابێت ئەو کلتوورە کۆمەڵایەتییەی، کە ساڵانێکە ئافرەتی تێدا دەبێتە قوربانی. دەبا چیتر ئافرەتەکانمان بلۆك باران و بەبیانووی شەرەفەوە نەکوژین، دەبا هەموومان لە ماڵەکانمان باخچەیەکی پڕ گوڵ دروست بکەین، بۆ ئەوەی لە وەرزی پایز ماڵەکانمان بۆنی گوڵ و پەپولە و ئافرەتی لێبێت، چونکە مرۆڤ لە هەموو شتێك بێزار دەبێت تەنها لە بۆنی ئافرەت و گوڵ بێزار نابێت.

Karzan_ma82@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.